# بەرگری لە فەخرەدین تاهیر، بەرگرییە لە ئازادایی رادەربڕین!

*بەشدار عەلی*
*Bashdar_net@yahoo.com*

**ماموٚستا فەخرەدین تاهیر, نوسەر و روٚژنامەنوس و دەرچویی ئەکادیمیایی روٚژنامەگەریی لە ولاٚتی سوید و مروٚڤێکی ئازادیخواز و خاوەن ویژدان لە شەوی 19 لەسەر 20 ی 4ی 2007 لە کاتی سەردانی بوٚ لای چەند هاورێیەکی لە بەر دەرگای یانەی نوسەران لە تێو شاری هەولێر لەلایەن کوٚمەلێك گەندەلٚ و کوٚنە بەعسی بە توندترین شیوە هێرشی دەکرێتە سەری و زامدار دەکرێت و دەگوازرێتەوە نەخوٚشخانە.تاوانی فەخرەدین تەنها ئەوەیە کە لە چەند مانگی رابردوی لە کوردستاندا پەردەیی لەسەر گەندەڵی و دزی و راوڕووتی بەرپرسان و رابردوویی پر شەرمەزارییان هەڵداوەتەوە و زوٚر راستگوٚیانە لە دەزگاکانی راگەیاندن بە بەڵگەوە باسی کردوون,ماموٚستا فەخرەدین لە نوسینەکانی تەنها باسی بەشێکیژیانی روٚژانەی واقعی خەڵکی کوردستان کردووە کە ئەم خەڵکە لە چ وەزعیەتێکا ژیان دەگوزەرێنن و مەترسیەکانی روون کردوٚتەوە.**

**ژیانی شاهانە و فیرعەونانەی بەشێکی کەمیخەڵك لە کوردستان روٚژ لەدوایی روٚژ لە بەرزبونەوەیەو بەشی هەرەزوٚری خەکی کوردستانیش لە بێکاری و بیخانە و لانەی و برسیەتی کوێرەوەری دەناڵێنن وبەدەست نەبونی سەرەتاترین پێداویستیەکانی ژیان دەناڵێنن و دوچاری سەدان کێشەی دەروونی و کوٚمەلاٚیەتی هاتوون . هیچ کەسیش بوٚی نیو بلێ ئەم ژیانە بوٚ ئاوایە و نابێت ئاوابێت؟!**

**لەم مەملەکەتەی ئیمە ئەوەی مانایی نەبێت و گرینگی نەبێت لای دەسەلاٚتداران ریز و حورمەتی مروٚڤ و روٚژانە بە هەزارو یەك ریگا و شیواز مروٚڤەکان ئیهانە و سوکایەتیان پێدەکریت وکار لەسەر بێ ئیرادەیی و کوٚیلەیی یەخسیر کردنیان دەکرێت دەزگایەك نیە خوٚی بەرپرس بزانێ لە بەرامبەر پاراستنی ریز و کەسایەتی مروٚڤەکان .روٚژانە دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبە ئیسلامیەکان هێرش دەکەنە سەر خەڵك و ماف و ئازادیەکانیان و بێریزیان بەرامبەر دەکەن, بەلاٚم چونکە کارو کردەوەکانیان بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەپارێزێ ,پێیان ناڵێن لە پشت چاوتان جوتێك بروٚ هەیەو گەوروترین پشتگیری دەکرین و سامانی خەڵکیان دەخەنە ژیر دەست.**

**لە کوردستاندا تاکو ئیستا یاسایەك نیە کە مافە فەردیی و مەدەنیەکان بەرەسمی بناسێت و دیفاعی لێبکات, چونکە لە کوردستاندا دەسەلاٚتی میلیشیایی زاڵە یاسای دارستان پەیرەو دەکرێت و ئازادی و سەروەری یاسا و مافی مروٚڤ , تەنها وێردی سەر زوبانە و بوٚ سەرکوتی خەڵك و نەیارەکانی خوٚیان بەکاری دەهێنن, ئەگەرنا لەماوەی یەك سەعاتدا کە پەلامارداني ماموٚستا فەخرەدین دەبوابە زیندانی بکرانە کە لای هەمووومان ئاشکرا و دیارن کێن بەم کارە هەڵساون و ناونیشانی تەواو لای دەزگاکانی پوٚلیس و ئاسایش هەیە.**

**بیگومان نارەزایەتی و گلەیەکی زوٚر سەراسەری کوردستانی گرتوٚتەوە و منالٚ و پیر و پەککەوتەو گەنج و لاو قوتابیان و کریکاران و فەرمانبەران و شوٚفێران و دەستفروٚشان.....هتد. لە کارو کردەوی ئەم بەرپرسە گەندەلاٚنە نارازین و کاتێکیش خەڵك و روٚژنامەنوسان تەنها رووداوەکان وەکو خوٚیی بگوازنەوە, ئیتر هستریا دەیانگرێت و پەلاماریاندەدەن.**

**ئەم گوزەرانە ئاوا ناچێتە سەر و لێدان و زیندانی سوکایەتی روٚژنامەنوسانیش دەبێت هەلوەستەی لەسەر بکرێت و تالاٚن وبروٚیی ئەم بەرپرسانەش ئاوا پەردەپوٚش ناکریت. بە هێزو ئیرادەیی و یە کگرتویمان دەبیت ئەم پلان و هەرەشانەش ناکام بکەینەوە .کاتێك بەشدار و نەبەز و رزگارو رەحمان و فەخرەدین و بەختیار ........هتد.بە گوڵە و ئاسن وەلاٚم دەدرێینەوە ئەو کاتە شەو نخونی و ماندوبونەکانمان زیاتر کردووە زیاتر دەکەین,چونکە دلنیاین کاتێك دڵی گەندەلٚ و بەعسیەك و جاسوسێك دەرەنجێ,ئەو کاتە توانیومانە دڵی منالێکی برسی خوٚش بکەین, لاوێکی یاخیمان بە دەنگ هیناوە و وزەمان پێ بەخشیوە,ئومیدمان لە دڵی پیرك دورست کردووە. هەر ئەمەش ئاماجی ئیمەیە .**

**جاریکی ترش دەبێت هەمومان بەرگری لە فەخرەدین تاهیر و سەرجەم روٚژنامەنوسان بکەین بوٚ گەیشتن بە ژیانێك کە شایەنی ئینسان بێت و ئازادی رادەربرین و مافە فەردی و مەدەنیەکان ,بە یاسا بە چەسپێنین.**